wadi



# خەتەنەکردنی مێینە
# لە کوردستانی عێراق

**خەتەنەکردنی مێینە هەروەک دیاردەیەکیتر کە پەیوەندی بە سێکسەوە هەیە، وەکوکارێکی نارەوا و تابوو تەماشا دەکرێت و ئافرەتان بە بێدەنگی دووچاری خەتەنەکردن دەبنەوە. پیاوان بەدەگمەن بەشداریدەکەن لە بنبڕکردنی خەتەنەی مێینە و لە زۆربەی کاتەکاندا دایک دەست پێشخەری دەکات.**

**لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بونی خەتەنەی مێینە لە عێراق بۆ چەندین ساڵ پشتگوێخرابوو و خەتەنە کردن بۆ دەیان ساڵ لە کوردستانی عێراق ئەنجام دراوە.**

## جۆرەکانی خەتەنەکردنی مێینە

**جۆری ١:** بڕینی بەشێکی میتکە یان هەمووی.

**جۆری ٢:** بڕینی هەندێکی یان هەموو میتکە لەگەڵ لێوی بچووکی زێ و ئەو «لێوانەی» کە دەوری زێیان داوە.

**جۆری ٣:** بڕینی هەندێك یان هەموو کۆئەندامی زاووزێی مێینە، بە میتکەشەوە. دورینەوەی سوچی لێوەکان پێکەوە، هێشتنەوەی کونێکی بچووك.

**جۆری ٤:** هەموو جۆرەکانی تری زیانپێگەیاندن، لەوانە: بڕین، سوتاندن، ڕوشاندن، کونکردن و کشاندنی ئەندامی زاوزێی مێینە.

## تایبەتمەندییەکانی خەتەنەکردنی مێینە لە کوردستانی عێراق

- کچ بە گشتیی لەنێوان تەمەنی ٤-١٢ ساڵ خەتەنە دەکرێت
- جۆری یەک و دووی خەتەنە زیاتر ئەنجامدەدرێت
- ٨٠٪ی خەتەنەکردن لە ماڵان ئەنجامدەدرێت
- خەتەنەکردن لەلایەن پزیشکەوە ئەنجامنادرێت


Free FGM Village
قەزای رانیه
گوندی قەڵا سەیدا
گوندی سۆرە بنە
ڕێکخراوی وادی پرۆژەی کۆتاییهێنان بە توندوتیژی و خەتەنەکردنی
مێینە ئەنجام ئەدات کە پێك دێت لە پرۆژەی هۆشیاری درێژخایەن
و خزمەتگوزاری بە پێی ڕێکەوتنی نێوان ڕێکخراوو ئەنجومەنی
گوند . ساڵی 2011 .
wadi

- بۆ خەتەنەکردن گوێزان بە کاردەهێنرێت
- زۆربەی کات بە کۆمەڵ ئەنجام دەدرێت، بەڵام وەکو دیاردەو ڕووداوێکی ئاشکرا ئەنجام نادرێت.
- خەتەنەکردن هەندێک جار بە تەنها ئەنجامدەدرێت

## هۆکارەکانی ئەنجامدانی خەتەنەکردنی مێینە

- ڕێزلێنان و پاراستنی ڕێ ورەسم و نەریتی پێشینان
- نیشانەی گەورەبوون
- پەسەندکران لە کۆمەڵگەدا، بەتایبەتی لە کاتی شوکردن
- زیادبوونی هێز
- پاراستنی شەرەفی خێزان
- پاراستنی پاکیزەیی و پاکوخاوێنی
- ئایین
- نزمی ئاستی هۆشیاری و پەروەردەیی
- دایك قوربانی خەتەنە بێت
- کچی دیکەی ئەو خیزانە قوربانی خەتەنە بێت
- ئەندامی خێزان (پیاو یان ئافرەت) باوەڕی بە زۆرەملێی و سودی خەتەنەی مێینە هەبێت.

## ئاکامە نزیکخایەنەکانی خەتەنەکردنی مێینە

— **خوێنبەربوون،** کە یەکێکە لە هەرە باوترین ئاکامە ڕاستەوخۆکانی شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی دەرەوەی مێینە.

— **ڕاچڵەکین یان شۆک،** حاڵەتێکە کە مەترسی لەسەر ژیانی توشبوەکە دروستدەکات و بەهۆی کەمی ئۆکسجینی ڕۆیشتوو بۆ خانەکانی لەشەوە سەر هەڵدەدات.

— **ئازاری لە ڕادەبەدەر،** زۆربەی هەرەزۆری کاتەکان خەتەنەکردن بەبێ بەکارهێنانی بەنج/دەرمانی سڕکەر دەکرێت کە دەبێتە هۆی ئازارێکی زۆر.

— **گیرانی میز،** گیرانی میز بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک یان بۆ چەند ڕۆژێک یەکێکە لە دەرئەنجامە باوەکانی خەتەنە.

— **بریندارکردنی ئەندامانی دەوروبەری،** هەندێک جار خەتەنەکردنی مێینە دەبێتە هۆی بریندارکردنی ئەندامەکانی دەوروبەری کۆئەندامی دەرەوەی زاوزێ بە هۆی بەکارهێنانی ئامرازی نەشیاو نەبوونی ڕوناکی باش لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەکە، نە شارەزایی ئەو کەسەی خەتەنەکە ئەنجام دەدات و هەوڵی قوربانی بۆ ڕزگاربوون.



— **هەوکـردن**، یەکێکـە لـە ئاکامـە ڕاسـتەوخۆ و نزیکخایەنەکانـی پڕۆسـەی شـێواندنی کۆئەندامـی زاوزێـی مێینـە.

— **شکاندنی ئێسـک**، بەهـۆی تونـد گرتنـی قوربانـی لـە کاتـی خەتەنەکردنـدا ڕەنگـە چەنـد ئێسـکێک لـە لەشـی گوربانیەکـە بشـکێن.

— **چاکنەبونـەوەی بریـن**، ئـەو برینـەی لـە ئەنجامـی خەتەنـەوە دروسـت دەبێـت ماوەیەکـی زیاتـری لـە برینـی ئاسـایی دەوێـت بـۆ ئـەوەی چاکبێتـەوە.

## ئاکامە درێژخایەنەکانی خەتەنەکردنی مێینە

— **کێشـەی میزکـردن**، ئـەم جـۆرە کێشـانە لـە ئەنجامـی زەرەرگەیاندنـە بـە کۆئەندامـی میزەڕۆ بەتایبەتـی کونـی میزکـردن یـا گیرانـی کونەکـە بـە قەتماغـەی برینـی خەتەنـە.

— **هەوکردنـی بەردەوامـی کۆئەندامـی میزەڕۆ**، گیرانی بەشـێک لـە کونی میزکردن دەبێتـە هـۆی ئـەوەی میزەکـە بگەڕێتـەوە بـۆ دواوەو بەشـێک لـە کۆئەندامـی دەرەوەی زاوزێ ومیزکـردن بەبەردەوامـی تەڕدەبێـت کـە یارمەتیـدەرە بـۆ نەشـونماکردنی بەکتریـا و میکـرۆب.


قوتابخانەی
(حەسیرە) ی
بنەڕەتی تێکەڵ



— **هەوکردنی بەردەوامی کۆئەندامی زاوزێی ناوەوە،** بەهۆی گیرانی نیمچەیی بەشی دەرەوەی کۆئەندامی زاوزێی ئەو ئیفرازانەی کە کۆئەندامی زاوزێ دەریان دەدات لەناوەوە دەمێنێتەوە ڕەنگە ببێتەهۆی هەوکردنی بەردەوامی ڕەحم و بۆریەکانی.

— **نەزۆکی،** وەکو ئاماژەی پێدرا هەوکردنی بەردەوامی ئەندامی زاوزێی مێینە دەبێتە هۆی گیرانی تەواو یان نیمچەیی بۆریەکانی ڕەحم کە یەکێکە لە هۆکارەکانی نەزۆکی لە ئافرەتانی خەتەنەکراودا.

— **کێشە لاکاتی سوڕی مانگانەدا،** گیرانی تەواو یان نیمچەیی کۆئەندامی دەرەوەی زاوزێی مێینە ڕەنگە ببێتەهۆی ئازاری زۆر لەکاتی ڕوودانی سوڕی مانگانە لە ئافرەتاندا. ڕەنگە هەندێک جار گیرانەکە ئەوەندە زۆر بێت کە ببێتە هۆی نەبونی سوڕی مانگانە لە هەرزەکاراندا.

— **زیادبوونی ئەگەری گواستنەوەی ئایدز،** خەتەنە یەکێکە لە هۆکارەکانی گواستنەوەی نەخۆشی ئایدز کە لەڕێی ڤایرۆسی HIV یەوە دەگوازرێتەوە، کاتێک کەرەستەی خەتەنەکردن بۆ زاتر لە قوربانیەک بەکار دەهێنرێت.

— **دروستبوونی بەرد،** ئەگەری درووستبوونی بەردی گورچیلە و بەرد لە کۆئەندامی ناوەوەیی زاووزێی زیاترە لەو ئافرەتانەی کە خەتەنەکراون، لە ئەنجامی هەوکردنی بەردەوام و مانەوەی زۆری میز.

— **کیس،** کە لەکاتی چاکبونەوەی برینەکاندا دروستدەبن و دەبنە هۆی دەردانی ئیفرازات و دەبێتە شوێنێکی شیاو بۆ هەوکردنی بەردەوام.

**زیانەکان تایبەت بە سکپڕی و منداڵبوون،** خەتەنەکردنی مێینە یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە پشکنینی پزیشکی بۆ کۆئەندامی زاوزێی دەرەوەی ئافرەتان لەکاتی سکپڕی زەحمەت دەکات. توێژینەوەکان دەریانخستوە کە ئەو ئافرەتانەی خەتەنەکراون لە ئافرەتی ئاسایی زیاتر ڕووبەڕی مەترسی پێویستبوون بە نەشتەرگەری قەیسەری و خوێنبەربوونی دوای منداڵبوون و مانەوەی درێژخایەنی لە نەخۆشخانە دوای منداڵبون دەبنەوە.

**ئاکامەکان تایبەت بە جوتبوون و سێکس،** ئەو بەشانەی کە لەخەتەنەکردندا زەرەری پێدەگەیەنرێت ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە کاتی سەرجێیدا، خەتەنە پێشێلکردنی مافی ئافرەتە لە وەرگرتنی چێژ. کاریگەرییەکان بۆ ئافرەتی خەتەنەکراو خۆیان لە ترسی دەستپێکردن و ئازار لەکاتی سەرجێیی دەبیننەوە.

**ئاکامە دەروونیەکان،** بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتی خەتەنەکراو زیاترئەگەری توشبونیان هەیە بە کێشە دەرونیەکان وەک هەستکردن بە ترس، دڵەڕاوکی، تۆقینی لەناکاوی بەبێ هۆ، خەمۆکی، نەمانی متمانە بە خێزان، دەرنەبڕینی هەستەکان، هەستکردن بە کەمی، نەبوونی متمانە بە خۆبوون و تێکچونی خود بینینی.




# مێژووی کارکردنی وادی لەسەر خەتەنەکردنی مێینە بە پێی ساڵ

## ٢٠٠٤

### تەنیا لە ئەفریقیا خەتەنە نییە

تیمێکـی گەڕۆکـی وادی لـە دانیشـتنێکیاندا لەگـەڵ ئافرەتـان بۆیـان دەرکـەوت کـە خەتەنـە لـە گەرمیـان بونـی هەیـە. تیمەکـە خولـی فریاگـوزاری خێزایـان دەوتـەوە لـە گوندەکانـدا. لێـرەوە وادی دەسـتیکرد بـە

کۆکردنـەوەی زانیـاری و دەرکـەوت کـە نزیکـەی ٥٠٪ی ئافرەتـان لـەو ناوچەیـە خەتەنەکـراون.

لـە یەکـەم توێژینـەوە دەربـارەی خەتەنـە، وادی بـۆی دەرکـەوت کـە لـە کـۆی ١٥٤٤ ئافرەتـی بینـراو ٩٠٧ یـان خەتەنەکرابـوون.



## ٢٠٠٥

### کەمپینی خەتەنەکردن راگرن

وادی دەستیکرد بە چالاکی بەرزکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی مێینە لە گوندەکانی کوردستانی عێراقدا، سەرەتا لە گەرمیان پاشان لە ناوچەکانی دیکە. دەستکرا بە باسکردنی بابەتەکە لە نێو خەڵک و میدیادا. یەکەم فیلم لە سەر خەتەنە بە ناوی (Handful of Ashes/ مشتێک لە خۆڵەمێش) لەلایەن نەبەز ئەحمەدەوە بەرهەمهێنرا.

## ٢٠٠٦

### یەکەم کۆنفرانس

وادی یەکەم کۆنفرانسی دژ بەخەتەنەی لە عێراقدا ڕێکخست لە هەولێر، وادی دەستیکرد بە کۆکردنەوەی واژۆ دژی خەتەنەکردنی مێینە و بەهاوکاری ڕێکخراوە مەدەنییەکان کامپەینێکی میدیایی کرا بۆ یاسایەک دژی توندوتیژی خێزانی لە نێوانیاندا خەتەنەکردنی مێینە.




## ٢٠٠٧
## واژۆکۆکردنەوەو ڕەشنوسی یاسا

واژۆکان نێردران بۆ پەرلەمانی کوردستان. لێرەدا وادی ڕوبەڕوی چەند ئاستەنگیەک بویەوە، لەسەرەتادا پەرلەمانتاران تەنانەت دودڵبوون لە باسکردنی بانەتەکە و بە ئاشکرا داواکەیان ڕەتکردەوە. حوکمەت تەنانەت ئەوەی رەتکردەوە کە خەتەنە بوونی هەبێت لە کوردستان. لەهەمانکاتدا لایەنە نیودەوڵەتییەکان بۆ نمونە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دانی بە واژۆکاندا نەناو و ئامادە نەبوون کوردستانی عێراق زیاد بکەن بۆ لیستی ئەو وڵاتانەی خەتەنەکردنی مێینەی تێدا ئەنجامدەدرێت.

## ٢٠٠٩
## ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکان

بۆ یەکەم جار ڕێکخراوی یونامی ڕاپۆرتێکی ئامەدەکرد دەربارەی خەتەنەکردنی مێینە لە کوردستانی عێراق. دواتر ڕێکخراوی یونسێفیش بە هەمان شێوە ڕاپۆرتێکی لە سەر خەتەنە ئەنجامدا. هەرچەندە ئەمە تەنها ڕاپۆرتێک بوو بەڵام وادی گەشتبینبوو بەوەی کە ئیتر خەتەنەکردنی مێینە بە کێشەیەکی ئەفریقی ناونەبرێت.

## ٢٠١٠
## «چاودێریی مافی مرۆڤ» پشتگیری نواند

وادی ئەنجامی توێژینەوە بەرفراوانەکەی بڵاوکردەوە کە لە ٢٠٠٧ وە دەستیپێکردبوو، توژینەوەکە پیشانیدا کە خەتەنەکردنی مێینە لە شار و لادێکان وەکو یەک بەربڵاوە، بە گشتی ڕێژەی خەتەنەکردنی مێینە ٧٥٪ بوو. ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە لەژێر ناونیشانی (منیان بردو هیچیان پێم نەوت) کە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی وادی دەسەلمێنێت. لە کۆتاییدا دەرهاویشتەکان دەربارەی خەتەنەکردنی مینە بە هاوکاری ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ خستەڕوو کە بووە هۆی فشارێکی زۆر






لەسەر حوکمەتی هەرێمی کوردستان. لە هەمانساڵدا وەزارەتی تەندروستی حوکمەتی هەرێمی کوردستان دۆزینەوەکانی خۆیان لەسەر خەتەنە بڵاوکردەوە کە پیشانیدەدات ٪ ٤٠ ژنان خەتەنە کراون. ئەم دانپێدانە فەرمییە گرنگبوو بۆ ئەوەی یاسایەک دەربکرێت بۆ ڕاگرتنی ئەو کێشەیە .

## ٢٠١١

## وەرچەرخانی گەورە، یاساکە!

خاڵێکی دیاربوو لە هەڵمەتی ڕاگرتنی خەتەنە لە هەریمی کوردستان. لە کۆتاییدا لە حوزەیرانی ٢٠١١ دا پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی بەرفراوانی گرتە ئەستۆ کە ئەویش یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١ بوو، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە توندوتیژی کە بەرانبەر ژنان و منداڵان ئەنجامدەدرێن کە لە نێویاندا خەتەنەکردنی مێینە هەبوو. پەرلەمان دەنگی دا بە یاساکە. ئەمەش گرنگی ڕۆڵی پرۆسەی دیموکراسییانە لە چوارچێوەی یاسادا دەخاتە ڕوو.

شایەنی باسیشە کە یاسای لەوجۆرە لە حوکمەتی ناوەندی عێراقدا بوونی نیە. وادی بە هاوکاری ڕێکخراوی پەنا بەردەوام بوو لە هەوڵدان بۆ دەرکردنی یاسایەکی لەو جۆرە بۆ قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی مێینە لە عێراقیشدا. هەبوونی یاسایەک پشتگیریەکبوو بۆ وادی بۆ ڕازیکردنی خەڵک بۆ دەستهەڵگرتن لە خەتەنە. وادی ١٣ (گوندی خاڵی لە خەتەنە) ی هەڵبژارد لە میانەی کەمپینی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنە.




## ٢٠١٢


## تۆڕی هەماهەنگی بۆ جێبەجێکردنی یاساکە

هەرچەندە یاساکە دەرچوو بەڵام بە بۆچونی وادی یاسا بەبێ جێبەجێکردن هیچ بایەخێکی نیە، بۆیە هەڵمەتی جێبەجێکردنی یاساکە بە هەماهەنگی لەگەڵ حوکمەتدا دەستپێکرد لەڕێی سیمیناری هۆشداری و ڕاهینان بۆ مامان، مامۆستایان. لە چوارچێوەیەکی یاسایشدا ڕاهینان بۆ پارێزەران، ئەفسەرانی پۆلیس و دادوەران لەسەر چۆنێتی جێبەجێکردنی یاساکە ئەنجامدرا، بەهاوکاری بەڕێوبەرایەتی



بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی. سەرەڕای ئەم هەوڵانەشدا هیچ حاڵەتێکی خەتەنە نەدرایە دادگا.


وادی هێڵی گەرمی خەتەنەی دروستکرت بۆ یارمەتی کۆمەڵایەتی، دەرونی، تەندروستی و سێکسی ئەو ئافرەتانەی قوربانی خەتەنەن لە کوردستاندا. چالاکوانانی وڵاتانی ئێران، عومان و وڵاتانی تری ئاسیا کە هەمان کێشەیان هەبوو کاردانەوەی ئەرێنیان هەبوو بۆ هەوڵەکانی کوردستانی عێراق بۆ بەرەنگاربونەوەی خەتەنەکردنی مێینە. کەمپینەکەی وادی وایکرد کە کەمپینی دژی خەتەنە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ئاسیا دەستپێبکات. وە لە ٢٠١٢ یەکەم کۆنفرانسی خەتەنە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرا بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی هیڤۆس و وادی لە بەرلین.



# ٢٠١٣
## تۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا

وادی و هیڤۆس پرۆژەی (خەتەنە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕاگرن)یان دەستپێکرد، پرۆژەکە بۆ دروستکردنی تۆڕێکی پەیوەندی بوو بۆ هەموو ناوچەکە، بۆ کۆکردنەوەی داتا دەربارەی خەتەنەکردنی مێینە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و بۆ پێدانی زانیاری بە ڕۆژنامەنوسان، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نا حکومیە جیهانیەکان. ئەو بیرۆکەیەی کە خەتەنەکردنی مێینە تەنها لە ئەفریقیا بونی هەیە هەر بەردەوامبوو و چالاکوانانی ئێران، مالیزیا، عومان، سەنگاپور، هندستان و عەرەبستانی سعودی بە بایەخەوە گوێیان لێنەگیرا. بۆیە بەهیوای ئەوە بووین کە ئەم تۆڕە لەگەڵ کۆنفرانسەکان هێزێک ببەخشێت بە بابەتەکە.

وادی زیاتر لە ١٠٠ ۆرکشۆپی ئەنجامدا بۆ مامانەکانی خەتەنە بۆ باشکردنی توانای تەندروستیان وئاشناکردنیان بە یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی کە خەتەنە قەدەغەدەکات. وادی بەردەوامبوو لە ڕاهێنان و کۆکردنەوەی داتا کە دابەزینی ڕێژەی خەتەنەی دەردەخست بەتایبەتی لە گەرمیان و هەڵەبجە. وادی دەستیکرد بە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی پشتگیری بۆ یاساکە لە پەرلەمانی عێراق بە هاوکاری ڕیکخراوی پەنا. ڕەشنوسی یاساکە و نامەیەکی کراوە درایە پەرلەمان کە گرنگی قەدەغەکردنی خەتەنەی ڕوندەکردەوە.


Study

Female Genital Mutilation
in Central and Southern Iraq

Produced by

Civil Society Activists and Medical Researchers
from the South - Central Area of Iraq

Qadisiyah Governorate

Iraq 2014

Supported by WADI
and the
Secretary's Office of Global Women's Issues, US Department of State

wadi

# ٢٠١٤
## دویەم کۆنفرانسی ر. ناوەڕاست و ئاسیا

دووەمین کۆنفرانسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا دەربارەی خەتەنە ئەنجامدرا کە لەلایەن هیڤۆس و وادییەوە ڕیکخرابوو بە ئامادەبوونی زیاتر لە ٣٠ چالاکوان وتویژەر لە عێراق ، مصر، ئێران، عومان، عەرەبستانی سعودیە، مالیزیا، ئەندەنوسیا و هندستان لەگەڵ نوینەرانی یونسێف لە عێراق و پرۆژەی ئۆرکیدی ئینگلتەرا و(Terre des Femmes) ی ئەلمانی. لەو کۆنفرانسەدا ڕونکرایەوە کە کێشەی خەتەنە دەبێت کاری لەسەر بکرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ئەفریقادا. ئەوکاتە



From Ashes to Phoenix: FGM in Kurdistan
TIME
An End to Female Genital Cutting?
WORLD NEWS Our World
Dropping the Knife: Kurdistan
بۆ کچە کوردەکان، نەریتێکی کۆنی پڕ ئازار
The Phnom Penh Post
In Kurdish Iraq, women strive to end scourge of genital mutilation
RUDAW
مامانێک چوار هەزار کچی خەتەنە کردووە
Brigitte
Genitalverstümmelung – ein globales Problem
„Die Klinge war stumpf, die Hebamme blind"
Iraqi Kurdistan: Law Banning FGM Not Being Enforced
One Year After Landmark Bill, Harmful Practice Persists
excision parlons-en!
La longue route vers les premiers « villages sans excision » en Irak
Los Angeles Times
Babylon & Beyond
IRAQ: Human Rights Watch slams high rates of female genital excision in Iraqi Kurdistan
ARAB NEWS
In Kurdish Iraq, women strive to end genital mutilation
INDEPENDENT
Fighting against Female Genital Mutilation in Iraq
It is a misguided belief that Islam requires young women be circumcised
The Guardian
FGM: the film that changed the law in Kurdistan - video
پەرلەمانی کوردستان
BILD
AMINA VERSTÜMMELTE MEHR ALS 500 MÄDCHEN
Täterin: „Ich bereue nichts!"
BILD-Reporter besuchten ein Dorf im Nordirak und erzählen die Geschichte einer langen Tradition der grausamen Genital-Verstümmelung
ختان النساء لا يزال منتشراً في العراق رغم المعاناة
INTERNATIONAL AND LOCAL MEDIA ABOUT WADI'S FGM CAMPAIGN OVER THE YEARS




هێـچ توێژینەوەیەکـی نیشـتیمانی نەکرابـوو لـە ئەندەنوسـیا و مالیزیـا دەربـارەی خەتەنـە بـەڵام لێکۆڵینـەوەکان پێشـنیازی ئەوەیـان دەکـرد کـە ڕێژەکـە لـە ٨٠٪ بـۆ ٩٠٪ دەبێـت. ئەمـە ئـەوە دەگەیەنێـت ئەندەنوسـیا کـە گەورەتریـن دانیشـتوانی مسـوڵمانی تێدایـە پێشـبینی ١٠٠ ملیـۆن قوربانـی خەتەنـەی لێدەکرێـت، کـە ئـەم ژمارەیـە لـە ناو ئـەو ١٤٠ ملیـۆن قوربانـی خەتەنەیـەی لـە ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـوکان و ڕێکخراوەکانـی تـر باسـیدەکەن هەژمـار نەکـراوە.

کۆنفرانسـەکە هەندێـک ڕاسـتی جۆراوجۆری دەربـارەی خەتەنـە لەهـەر وڵاتێکـدا خسـتەڕوو کـە ئـەوەی ڕونکـردەوە کـە هەروڵاتـەو پێویسـتی بـە ئیشـی تایبـەت هەیە. لـەم سـاڵەدا بەهـۆی هێرشـەکانی داعشـەوە وادی هەوڵەکانـی بـۆ یاسـای قەدەغەکردنـی خەتەنەکردنـی مێینـە لـە عێـراق ڕاگـرت.

## ٢٠١٥
## هاوکاری یونسێف

بـە یارمەتـی یونسـێف وادی ڤیدیۆیـی بەرزکردنـەوەی هۆشـیاری دژی خەتەنەکردنی مێینـە دروسـتکرد کـە پەخشـکرا لـە کەناڵـە ناوخۆییەکانـدا.



# ٢٠١٦-٢٠١٩

## رۆڵی پیاوانی ئایینی

وادی بەردەوامبوو لە سیمیناری بەرزکردنەوەی هۆشیاری بە بەشداری پیاوان، وادی بەبەردەوامی هانی پیاوانی دەدا دەنگیان هەبێت لە کێشەکانی ئافرەتدا. وادی ڕێی خۆشکرد بۆ پیاوان کە باسی کیشەکانی خۆیان و ژیانی هاوسەریان بکەن لە دەرئەنجامێ خەتەنە. وادی دەستیکرد بە پێکهێنانی (گروپی داخراوی ژنان) بۆ زاڵبوون بەسەر خەتەنەدا، کە تێیدا ژنان باسی ئەزمونی خۆیان لەگەڵ خەتەنە دەکرد، گروپەکە زۆر سەرکەوتوبوو.

وادی ئیشیکرد لەسەر دروستکردنی پەیوەندی لەگەل پیاوانی ئاینی چونکە هەرچەندە خەتەنە بەیاسا قەدەغەکرابوو بەڵام هەر جێی باسبوو لە نێو پیاوانی ئاینیدا. هەرچەندە لە ٢٠٠٧ شێخی ئەزهەر فەتوای قەدەغەکردنی خەتەنەی مێینەی دەرکرد هەوەها ئایەتوڵای شیعەش فەتوای دژی خەتەنە دا، تائێستا باوەڕێک هەیە کە خەتەنە لە حەدیسدا هاتووە بۆیە وادی بەردەوام بوولە قسەکردن لەگەڵ پیاوانی ئایینی بۆ وەستانەوە دژی خەتەنە.




# ٢٠٢٠

## گەرمیانی خاڵی لە خەتەنە

دوای ١٥ ساڵ لە کەمپەین گەرمیان بە ناوچەیەکی خاڵی لە خەتەنە ڕاگەیەندرا، لە شەشی شوبات ڕۆژی بەرەنگاربونەوەی خەتەنەکردنی مێینەدا وادی بڵاویکردەوە کە لە ساڵی ٢٠١٩ دا هیچ کەیسێکی تازە لە گەرمیان تۆمارنەکراوە.

لەدوای ١٦ ساڵ کارکردن لەم بوارەدا، بەسەدان هەزار ئافرەت هەیە کە بەهۆی کیشەکانی خەتەنەوە ژیانیان قورسبوە و دووچاری چەندین کێشەی تەندروستی و خێزانی بوون بۆیە وادی لەکۆتایی ساڵی ٢٠٢٠دا بڕیاریدا بەدانانی پڕۆگرامی «زاڵبوون بەسەرخەتەنە» دا لەسەر داوای ئەو خانمانەی کە پێویستیان بە ڕێنمایی و یارمەتیبوو. ئەم پڕۆگرامە لەو گوندانەدا ئەنجام دەدرێت کە خەتەنەیان تێدا زۆر کەمبۆتەوە، بەوردی باسی کێشە تەندروستی و دەرونیەکانیان دەکەین لە کاتێکدا خانمەکان هۆشیارن دەربارەی یاساکەو زیانەکانی خەتەنە. شایەنی باسکردنە کە لەم ساڵەدا بەهۆی پەتای کۆرۆناوە خەتەنەو جۆرەکانی تری توندوتیژی دژی ئافرەتان پشتگوێخرا.




# ٢٠٢١

## هەڵەبجەی خاڵی لە خەتەنە

لە دوای ١٥ ساڵ کارکردن پارێزگای هەڵەبجەش وەکو ناوچەی خاڵی لە خەتەنە ڕادەگەیەنین کە بەپێی ئامارەکان هیچ حاڵەتێکی خەتەنەکردنی مێینە تۆمارنەکراوە. وادی بەردەوامە لە کەمپینی بەرەنگاربونەوەی خەتەنەکردنی مێینە بەکارکردن لەگەڵ تیمەکان بۆ پێشکەشکردنی زۆرترین یارمەتی و ڕێنمایی بۆ خانمان لەڕێی پرۆگرامی (زاڵبون بەسەر خەتەنە) دا.

# داهاتوو

لـە کارەکانــی داهاتــودا وادی کاردەکات بـۆ ئـەوەی کەمپینـی بەرەنگاربونـەوەی خەتەنەکردنـی مێینـە تەنهـا کوردسـتان نەگرێتـەوە بەڵکـو هەمـوو بەشـەکانی تـری عێراقیـش بگرێتـەوە. پێویسـتە توێژینـەوەی نـوێ بکرێـت بـۆ زانینـی بارودۆخـی خەتەنەکردنی مێینە لە ناوەڕاست و خواروی عێراقـدا. هیواداریـن و کاردەکەیـن بـۆ ئەوەی خەتەنەکردنـی مێینـە بـە یاسـا لـە عێـراق قەدەغەبکرێـت. وە هەروەهـا داواکاریـن کـە بابەتـی خەتەنـە لـە ئاسـیا و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاستیش بـە هەنـد وەربگیرێـت لـە لایـەن کۆمەڵگـە نێودەوڵەتیەکانـەوە.

وادی بەردەوامدەبێـت لـە کارکـردن لەگـەڵ قوربانیانـی خەتەنـە بـۆ پێدانـی زانیـاری و ڕێنمایـی وە هەروەهـا لـە بانگەشـەی هۆشـداری و یاسـایی و کۆمەڵایەتـی ناوەسـتین هەتاوەکـو یـەک حالـەت لـە کوردسـتان و عێـراق نەمێنێـت.

کەمپەینـی بەرفراوانـی وادی دژی خەتەنەکردنـی مێینـە سـەلماندی کـە دەتوانرێـت خەتەنـە لەناوببرێـت ئەگـەر کاری لەسـەر بکرێـت بـە جۆرێـک:

- کەمپەینی درێژخایەن و بەردەوام
- ڕوبەڕوو لەناو خەڵک و کۆمەڵگەدا، بە کەسانی دیاری کۆمەڵگەوە
- لەکەشێکی جێیی متمانە و هاوکار
- بە بەشداریکردنی پیاوان
- لەگەڵ ئەنجامدانی کۆبونەوەی کراوە، ڕوماڵی میدیایی و کەمپەین بۆ قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی مێینە بە یاسا

لەناوچەکانـی گەرمیـان و هەڵەبجـەدا ژمـارەکان بـون بـە سفر، بـۆ نمونە، لـە گوندی ئەوڵاقـوت لـە گەرمیان لـە ساڵی ٢٠٠٤ دا لـە کـۆی ٢٨٠ ژن، ١٥٠ خەتەنەکرابـوون.

**ژنێکـی ٢٥ سـاڵ دەڵێـت،** «پێـش ئـەوەی وادی دەسـت بـە کارکـردن بـکات خەتەنەکـراوم، لـە دوایـی سـیمینارەکانی وادی زانیـم زیانەکانـی خەتەنـە چیـن. هاوسـەرەکەم دەڵێـت خۆزگـە سـزای ئـەو مامانـەم بدایـە کـە خەتەنـەی کـردی».

هەروەهـا لـە گونـدی سـەی خەلیـل دەروێـش لە گەرمیان لـە کۆی ٥٧ ئافـرەت، ٣٢ ی خەتەنەکرابـوون. بەهـۆی چەنـد سـاڵ کارکردنـی بـەردەوام لـەم گوندانـە ئێسـتا خاڵیـن لـە خەتەنـە واتـە هیـچ کچێـک مەترسیی خەتەنکردنیـان لەسـەر نەمـاوە لـەم گونـدە.

**کچێکـی ٢٠ سـاڵ لـە گونـدی سـەی خەلیـل دەروێـش دەڵێـت،** «زانیارییەکانتـان ڕزگاری کـردم لـە خەتەنەبـوون... پیاوانیـش ئێسـتا چیـتر زۆرناکـەن بـۆ کردنـی خەتەنـە، جـاران دەیـان بردیـن بـۆ مامـان».

# دەرئەنجامەکان

لە ٢٠١٥ دا بەپێی ڕاپرسیەکی یونسێف ڕێکخراوی هارتلاند پیشانیداوە کە ڕێژەی خەتەنەکردنی مێینە زۆر لە دابەزیندا بووە لەو ناوچانەی وادی کاری هۆشداری تێدا کردوە لە ٢٠٠٤ وە. هەروەها کە ٤٤٪ دایکەکان خەتەنەکرابوون بەڵام تەنها ١٠،٧٪ کچەکانیان خەتەنە نەکراون.

دواجار لە مانگی شوباتی ٢٠٢٠ وادی رایگەیاند کە لە ئیدارەی گەرمیان هیچ حاڵەتێکی نوێی خەتەنە تۆمارنەکراوە. لە ساڵی ٢٠٢١ پارێزگای هەڵەبجەش بە هەمان شێوە وەکو خاڵی لە خەتەنەکردنی مێینە هەژمارکراوە بەڵام کارکردن لە ناوچەکانی دیکە بەردەوامە لەگەڵ ئەوەی تواناکانی وادی سنوردارە. لەبەرئەوە داوا دەکەین لە ڕێکخراوو لایەنەکانی دیکە بە تایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ زیاتر چڕکردنی هەوڵەکانیان.

---

ئەم نامیلکەیە لەلایەن:

**ئیزیس ئەلجیبالی (ئینگلیزی)**

**باخان جەمال (کوردی)**

نوسراوە

---



سوپاسـی ئـەو کەسـانە دەکەیـن کـە وایانکـرد ئـەم هەوڵانـە بگاتـە ئەنجـام؛ سـتاف و ئەندامانـی تیمەکانمـان، کـە خۆنەویسـتانە لـە بارودۆخـی ئاسایی و سـەختدا کاردەکـەن. سوپاسـی ئـەو بەخشـەر و هاوبەشـانە دەکەیـن کـە بەبـێ ئـەوان ئـەم هەوڵانـە بەئەنجـام نەدەگەیشـن: هیڤـۆس، وەزارەتـی دەرەوەی هۆڵەنـدا، یونیسـێف، کونسـوڵخانەی ئەڵمانیـا لەهەولێـر، دەزگای ڕۆزێللۆ، Women World Day of Parayer ، وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریـکا، Clifford Chance، Heartland Alliance، سـندوقی جیهانـی واڵاس و هەمـوو ئـەو کەسـانەی کـە بـە درێژایـی ئـەو چەنـد ساڵە بەخشـینیان پێشکەشـکردوە.

www.wadi-online.de